www.kurdistannet.org
13/02/2002 02:01

# ڕاگەیاندنی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال بۆ ڕای گشتی

لەبارەی قسەکانی نەزار خەزرەجی

دوێنێ٢/١٢ڕۆژنامەی ئەلحیاتی لەندەنی دوو وتاری بلاّوکردەوە، تێدا هاتوون: ڕەئیس ئەرکانی ڕابردووی عێراق(نزار الخورەجی) دووپاتی ئامادەیی خۆی کردووە بۆ دەسەلاّت گرتنە دەست لە بەغدا پاش ڕوخاندنی ڕژێم سەددام حوسێن. هەروا بۆ ڕادیوی عێراقی ئازاد ڕاگەیاندوە: ئەگەر عێراقییەکان ئەم شەرەفەیان بە من دا، ئەوا من سوپاسیان دەکەم. . . . . )

ڕۆژنامەی ئەلحیات پێرێ باسی ئەوەی کردووە کە ئەمریکا لە چوارچێوەی خۆئامادەکردنی بۆ ڕوخاندنی سەددام، لیستێکی ئامادەکردووە بە ناوی ٦٥کەس لە ئەفسەرە عێراقییەکان بۆ هەڵبژاردنی جێگرەکەی. . . . هەروا لە قسەکانی خەزرەجی: ( دووبارە گشت بەرپرسیارییەکی ڕەتکردووە لە بارەی ئۆپێراتسیونی ئەنفال دژی کوردەکان، و ئەو هێرشەی لە دژی دەکرێت، لە لایەن ئیستخباراتی عێراقییەوە بەڕێ دەکرێت. )

خوێندنەوەی ئەم هەواڵە، ئەمانەی خوارەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە:

١/ دووپات کردنی سیاسەتی تاوانبارانەی ئەمریکا ڕوون دەکاتەوە لە دژی گەلی کوردستان و عێراق. دەیانەوێت ئەنفالچی بە ئەنفالچییەکی تر بگۆڕنەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا پیشانی دەدا کە ئەمریکا بە هیچ شێوەیەك ئەڵتەرناتیڤێکی مرۆڤدۆستی نییە، ئەڵتەرناتیڤەکەی تەنها لە چوارچێوەی دەزگای سەربازی عێراق و نەوکەرەکانی خۆی دەرناچێت، ئەمەش دوا ڕۆژێکی نادیار دەخاتە پێشمان!

٢/ خەزرەجی هەر لە ئێستاوە، وەك جاری جارانی، درێژە بە تاوانەکانی دەدا، هیچ لە لۆژیکی بیرکردنەوەی نەگۆڕاوە، ئەم جارەیان بە گومان خستنەسەر خزم و کەس وکارەکانی قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال و ئەو خەڵکە دڵسۆز و بەفادارە کە دژ بە دەسەلاّتی فاشیستی عێراق خەبات دەکەن و ئەوە چەندین ساڵە، لە دەرەوەی ولاّت، هەوڵ دەدەن تاوانی ڕژێم لە هەڵەبجە و ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید لە دژی مرۆڤایەتی مەحکوم بکرێت.

ئێمە وەك کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال، سەر لە نوێ بانگەوازی جەماوەری خەڵکی کوردستان و هەموو حزب، گروپ و کۆمەڵەکان دەکەین، بە دەنگ بانگەوازەکەمانەوە بێن، و لە خۆپیشاندانەکەی ٣/١٦ لە کۆپنهاگن بەشداری بکەن.

<u>تاوانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان، تاوانی دەسەلاّتی فاشی ڕژێمی سەددامە و (نزار خەزرەج)یش وەك ڕەئیس ئەرکانی لەشکرەکەی بەشدارە لەو تاوانە و دەبێ بدرێتە دادگا.</u>

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

٢٠٠٢/٢/١٣